**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٠٤٦٢ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٣**

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٧٠١) لە ٢٠٢٤/٨/٨ و نووسراوی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجـومەنی وەزیرانــی عێراقــی فیــدراڵ ژمــارە (ق/٢/٥/٢٧/٢٩٧٢٢) لە ٢٠٢٤ /٦/٢٧ و بــڕگەی (یەکەم) لەکۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١١٤) لە ٢٠٢٤/٩/١٧ تـایبەت بە سەرمووچەی ساڵانەی پلە تایبەتەکان بڕیاردرا بە :-

١- ئاستی باڵای مووچەی پلە تایبەتیەکان(ب) (٢٣٣٠٠٠٠) تەنها دوومليۆن و سێ سەد و سی هەزار دینـار دەبێت و دوای ئەوە سەرمووچەی ساڵانە وەرناگرن .

٢- ئاستی باڵای مووچەی پلە تایبەتیەکان(أ) (٣٢٤٣٠٠٠) تەنها سێ مليۆن و دوو سەد و چل و سـێ هەزار دینار دوای ئەوە سەر مووچەی ساڵانە وەرناگرن .

٣- ئەو پـلە تایبەتـانەی کە پـلەی بەڕێـوەبەری گشـتی و سـەرووترن و سـەر مووچەیـان لە مەرتەبە (١١) تێپەڕبووە دەگەڕێنەوە مەرتەبە (١١) بەبێ وەرگرتنەوەی جیاوازی .

٤- کار بە هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت جگە لەم ڕێنماییە .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٠٥١٨ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٣**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤

پاڵپشـت بە نووسـراوی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٤٧٨٩) لە ٢٠٢٤/١٠/٣ تـایبەت بەهەمـوارکردنەوەی بڕگەی (یەکەم/٦)ی ڕێنمایی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٢ بەم شێوەیەی خوارەوە :-

پشـت بەسـت بە مـاددەی (٤٦) لە یاسـای خـزمەت و خانەنشـینی پێشـمەرگە ژمـارە (٣٨)ی سـاڵی ٢٠٠٧ ئەگەر دوای (٢) دوو سـاڵ لە ڕێکەوتــی شایسـتەبوونی بـۆ پـلە بەرزکـردنەوە پـلەی بەرز نەکـرایەوە خانەنشین دەکرێت بە پلەیەکی بەرزتر لە دوا پلەی .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**